# کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان



نوسینی:
یوسف عوسمان حمد
پسپۆری دەروونزانی

بەشێکی زۆری ڕەهاندەکانی گلۆبایزم پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیەکان بوو ، بەرهەمی شۆرشی تەکنەلۆژیای گەیاندن و پەیوەندیەکان دەیان ڕەهەندی فکری و ئابوری و ئاکاری و دەروونی و کۆمەڵایەتی لەبازنەی ئەوگۆرانکاریە و شۆرشە دابوون لە شێوەی سیستەمی گلۆبایزمدا کە نەتوانرا لە بەرامبەر بەکارهێنانی ڕابوەستێت چونکە نەک بووە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی دام و دەزگا و تاکەکانی خەڵک بەڵکو بووە بەشێکی هەرە گرنگ لە پێداویستیەکانی فکری و دەروونی بۆ تێرکردنی ئەو پێداویستیانە دەبوایە هەزمی هەموو گۆرانکاریەکان بکەین ، نەدەکرا بەبێ سەتەلایت و مۆبایل بژین بەبێ ئەوەی پۆلێنی خێزانی هەژار و دەوڵەمەند خوێندەوار و نەخوێندەوار و شار و لادێیی بکەین هەموو پێداویستیەکانی داپۆشی ، ئەگەر دەگوترا هەر پەیوەندیەکی بەرهەم هێنان پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات لەسەر ئەو بنچینەیە بە کۆمەڵایەتی بوون یاخود پۆلێنی پەیوەندیەکان دەکرێت ، بەلام لەسەردەمی تەکنەلۆژیای پەیوەندیەکان سێ ڕەهەند دروست بوون کە دەکرێت ئێمە لە هەندێکیان سوود مەند بین و لە هەندێکی تر زەرەرمەند ئەمەش دەگەرێتەوە سەر ئاستی هۆشیاری تاک و کۆمەڵگا ڕەهەندی یەکەم لە هەندێک گۆرانکاری تەکنەلۆژیا ، ئامێرەکان و تەکنەلۆژیا پێش فکر و هزرو چۆنیەتی بەکارهێنانی دەکەوێت لەوکاتەدا ناتوانرێت ئەو تەکنەلۆژیایە بە شێوەیەکی زانستی و ئاکاری بەکاربهێنرێت و کارەسات لەناو خانەوادە و کۆمەڵگا دروست دەکات ، ڕەهەندی دووەم ، ئامێرەکان و تەکنەلۆژیا فکرە و هزرولۆژێک پێکەوە دەبێت لەم حالەتدا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بە مەدەنی بوونی کۆمەڵگا و دروست بوونی سیستەمێکی دیموکراسی چونکە بیروکە و هزر و سیاسەت لەگەڵ تەکنەلۆژیا و ئامێرەکان لە خزمەتی یەکتری دادەبن بۆ پێشکەوتن ئەمەش لە سیستەمە دەوڵەتە مەدەنیەکان زیاتر ڕوودەدات ، ڕەهەندی سێ یەم ئەگەر فکرە و هزر و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی پێش تەکنەلۆژیا کەوت ئەوا بە کۆمەڵگایەکی دوواکەوتووی تەکنەلۆژیا دادەنرێت دەبێتە هۆی ئەوەی ئامێرەکان و تەکنەلۆژیا زۆر سادە و ساکاربن و پێداویستیەکانی کۆمەڵگا تێر نەکات . ئەم مرۆڤەیە لەسەر پەیوەندیەکانی گەیاندن و ئەنتەرنێت و ئامێرەکانی پەیوەندی کراوە بەلام شیتەڵ کردن لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئاقارێکی تری هەیە بە تایبەتی ڕەوشی گلۆبایزم لە دەڤەری ئێمەدا کە دەکرێ دراسەی ڕۆژانە بکرێتە بەڵگە وەکو : ـ

1. لە رووی ئابووریەوە :

گەورەترین پێشکەوتنە لە رووی خێرایی و ئابووری و سوود و مایەی و زۆربوونی سەرمایەداری ، لەوەش گرنگتر پەیوەندی سەرمایەداری لە نێوان بەشەکانی جیهان زیاتر بووە جۆرێک لە گەشەکردنی کالاّ سەری هەڵدا ئەمەش زۆربەی دەوڵەتەکان پێشینەی ئابووری و تەکنەلۆژیای ئابووریان کردە مەرجی سەرەکی پەیوەندی کردنی دبلۆماسی و بازرگانی و ئاڵوگۆڕکردنی کالاّ و بەکاربردنی سەروەت و سامان لەسەر بنچینەی ئایدۆلۆژیا و لێگ چوونی سیاسەت و فکرە و حزب و ئاڵوگۆڕکردنی هێزی کار و کەرەستەی خام و تەکنەلۆژیای فکرەکان .

2. لە رووی کۆمەلاّیەتیەوە :-

زۆر لە کۆمەڵناسەکان باس لەوە دەکەن کەوا پەیوەندیە ئەلکترۆنیەکان پەیوەستی کۆمەلاّیەتی لاواز دەکەن ئەم گەرم وگوریەی جارانی نامێنێت و هامشۆکردن کەمتر دەبێت یاخود زیاتر دەبێتە گۆشەگیری خێزانی کە هەست و خۆشەویستی تێکەلاّوبوون کەمتر دەبێت ئەمەش جۆرێک لە سستی بە کۆمەلاّیەتی بوون دیاری دەکات ، بەلاّم گروپێکی تر بە پێچەوانەوە باس لەوە دەکەن کە بەهۆی تەلەفۆن و مۆبایل و ئەنتەرنێت پەیوەندیەکانی کۆمەلاّیەتی بە تایبەتی لە نێوان تاکەکان خێراتر بووە و ئاسانترە ، چونکە لە شوێنی خۆت و لەیەک کاتدا دەتوانیت پەیوەندی بە کۆمەڵە کەسێکەوە گرێ بدەیت هەرچەندە شوێنەکەی دوورتر بێت دەتوانیت ئەو پەیوەندیە بەردەوام بێت تووشی پچران نابێت و میللەتانی لێک نزیک کردۆتەوە و ئاشنایەتی و ناسین زیاتر بووە چونکە کاتێکی کەمی دەوێت و لەهەموو کاتێکدا بە ئاسانی دەتوانی پەیوەندی بکەیت .



3. لە رووی دەروونیەوە :-

سایکۆلۆجستەکان باس لەوە دەکەن دەڵێن لە زەمەنی گلۆبایزمدا تاک بەرەو تاکانەی دەروات چونکە زۆربەی کاتەکانی لە بەرامبەر ئەنتەرنێت و مۆبایل بەسەر دەبات زیاتر بەرەو گۆشەگیری دەبات و هەست و مەیلی لاواز دەکات و ترسێکی لا دروست دەبێت ئەویش ترسی تێکەلاّو بوونە بۆیە ئەو کەسانەی زۆربەی کاتەکانی خۆیان لە بەرامبەر پەیوەندیە تەکنەلۆژیەکان بەسەر دەبەن شەرمن دەبن و گۆشەگیر و ئیتکالی دەبن کەسێکی کۆمەلاّیەتی نابن هەستەوەرەکان لە بەرامبەر پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکان لاواز دەبن بۆیە لە بچووکترین شت تووشی گرفت دەبن چونکە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ کۆمەڵگای دەوروبەر نازانن ، ئەمەش نەبوونی پلان و نەخشەی دابەشکردنی بەکاهێنانی ئامێرەکانە لە بەرامبەر کات و تەمەندا بە تایبەتی لە کۆمەڵگا داخراوەکان کە تووشی گرفتی ئاکاری و خێزانی دەبنەوە . بەهەرحاڵ زۆربەی توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن کاریگەری راستەوخۆی لەسەر رەوشت و رەفتاری فێربوونی ئاکار و کلتوری خێزانی هەیە بە جۆرێک لە گۆران دروست دەکات ئەگەر ئەو گۆرانە تەواوی گۆرانی فکری و ئابووری و دەروونی و کلتوری هاوئابووکارێکی ئەکتیفی و چالاک دەکات ئەگەرنا بە پێچەوانەوە کارەسات دروست دەکات .